HITi
Construction Revolution

POOLFLEX 1062

پەڕەی زانیاری تەکنیکی (Technical Data Sheet)

لکێنەری نەرمی بنچینەی چیمەنتۆیی خاوەن کارایی بەرز
بۆ مەلەوانگە و ناوچە تەڕەکان



Contact:
Phone : +9647500700015
info@hiti-krd.com
www.hiti-krd.com

پێناسەی بەرهەم




HITI POOLFLEX 1062 لکێنەری کاشییەکی چیمەنتۆیی پلەبەرز، زۆر نەرم و بەرگری ئاوە، خاوەن ماوەی مانەوەی بە لینجیی درێژکراو و خلیسکانێکی کەمکراو، کە بۆ دابینکردنی لکاندنێکی نایاب و بەشداریکردن لە دژە ئاو داڕێژراوە. گونجاوە بۆ لکاندنی کاشی سیرامیک، پۆرسلین، بەردی سروشتی، مەڕمەڕ، گرانیت و مۆزایک — تەنانەت لەژێر بارودۆخە ئاڵۆزەکاندا وەک نوقمبوون لە ئاو و فشاری گەرمایی.

ناوچەکانی بەکارهێنان

- زەوی و دیواری ناوەوە و دەرەوە بۆ هەموو جۆرەکانی سیرامیک، پۆرسلین، بەردی سروشتی، مەڕمەڕ و گرانیت، مۆزایک و مۆزایکی شووشە، کەرپووچی دیکۆراتیڤ و کاشی تەنک و گەورە.
- مەلەوانگە، حەوزی ئاو، حەمامی کوردی، شەلال و ژینگەکانی تری بەردەوام تەڕ یان ژێرئاو.
- لکاندنی مۆزایکی شووشە و کاشی دیکۆراتیڤ لە بارودۆخی ژێرئاودا.
- داڕشتن بەسەر ڕووە کاشی، مەڕمەڕ یان گرانیتە هەنووکەییەکان (ناوەوە و دەرەوە).
- ناوچەکانی بەر گۆڕانی لەناکاوی پلەی گەرمی (بۆ نموونە، کۆگای سارد، زەوی گەرمکراو).
- ناوچەکانی هاتووچووی زۆر وەک ناوەندە بازرگانییەکان، نەخۆشخانە، فڕۆکەخانە و قوتابخانەکان.

زۆرترین قەبارەی کاشی

	دیوار	زەوی
ناوەوە	هەموو قەبارەیەک	هەموو قەبارەیەک
دەرەوە	تا 90 × 180 cm	هەموو قەبارەیەک
مەلەوانگە / ژێرئاو	تا 120 × 60 cm	تا 120 × 60 cm

تایبەتمەندییە سەرەکییەکان و سوودەکان

- لکاندنی نایاب بەسەر ڕووی جۆراوجۆر.
- شێوەگۆڕاوی بەرز (S2) – بەرگری لە درزگرتن دەکات بەهۆی جوواڵە یان گۆڕانی پلەی گەرمی.
- بەرگری ئاوە و گونجاوە بۆ بەکارهێنانی ژێرئاو.
- ماوەی مانەوەی بە لینجیی درێژکراو بۆ دارشتنی ئاسانتری ناوچە فراوانەکان.
- بێ خلیسکان – نایابە بۆ بەکارهێنانی ستوونی و کاشی قەبارە گەورەکان.
- پێکهاتەیەکی هەموار و کرێمی بۆ بەکارهێنانی ئاسان بە مارنج.

ئامادەکردنی ڕوو

- ڕووەکان دەبێت پاک، تەندروست و وشک بن، بێ ڕۆن، گریس، تۆز یان کەرەستەی لەق.
- ڕووە بنچینە چیمەنتۆییەکان دەبێت بەتەواوی کیورینگ کرابن. هەر لەبخی لاواز، زیادەی لاوازی چیمەنتۆیی (laitance) یان گڵاوییەک لابەن.
- ڕووە زۆر هەڵمژەرەکان پێش بەکارهێنان بەسووکی تەڕ بکەن؛ لەسەر ڕووی زۆر هەڵمژەر **HITI LATEX** وەک ئەساس بەکاربهێنن.
- ناوچە ناهەمواوەکان بە خەفتەی چاککردنەوەی گونجاو (بۆ نموونە، زنجیرەی HITI REPAIR) ڕاست بکەنەوە پێش کاشیدارشتن.
- بۆ پشتی کاشییە تۆزاوییەکان، پێش لکاندن بە پارچەیەکی تەڕ بیسڕنەوە.

ڕێنماییەکانی تێکەڵکردن

- 6.25–6.75 L ئاوی پاک بۆ هەر کیسێکی 25 kg بکەنە ناو دەفری تێکەڵکردنەوە.
- بەرە بەرە پۆدری **HITI POOLFLEX 1062** زیاد بکەن لەگەڵ تێکهەڵدان بە میکسەری خێرایی نزم تا پێکهاتەیەکی هەموار و بێ گرێ پێکدێت (بەلایەنی کەمەوە 3 خولەک).
- لێگەڕێن تێکەڵەکە 5 خولەک بپشوودێت، پاشان پێش بەکارهێنان بە کورتی دووبارە تێکەڵی بکەنەوە. ماوەی کارپێکردن: 2 کاتژمێر / 25 °C.
- ئاوی زیادە یان زیادکراوی ناموڵەتدار زیاد مەکەن.

بەکارهێنان

- لکێنەرەکە بڵاو بکەنەوە بە مارنجی دداندارێک کە لەگەڵ قەبارەی کاشییەکە گونجاو بێت (6–12 mm). ئەستووری ستاندارد: 6 mm (مارنجی دداندار 6 mm)؛ زۆرترین 12 mm.
- سەرەتا چینێکی تەنک بە لای هەمواری مارنج بکەن، پاشان بە لای دداندارەکەی شە لێ بدەن.
- بۆ کاشی گەورەتر لە 40 × 40 cm، بۆ دارشتن بەسەر کاشی هەنووکەییەکان، یان لە بارودۆخە تونەدکاندا، پشتی کاشییەکانیش بە لکێنەر داپۆشن (شێوازی دووجار بڵاوکردنەوە).
- کاشییەکان لە ماوەی مانەوەی بە لینجیدا (30 ≥ خولەک) بە پەستانی توند دابنێن.
- لە نێوان 5+ °C و 35+ °C بەکاری بهێنن. لە کارکردن لەژێر تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر، بای بەهێز یان پلەی گەرمی توند خۆتان بپارێزن.

دوای دارشتن

- ناوچە تازە کاشیکراوەکان بەلایەنی کەمەوە بۆ 24 کاتژمێر لە ئاو، بەستن و تیشکی بەهێزی خۆر بپارێزن.
- **شەربەتکردن:** بەلایەنی کەمەوە 24 کاتژمێر دوای کاشیدارشتن (دیوار و زەوی).
- بەلایەنی کەمەوە 24 کاتژمێر لێگەڕێن پێش هاتووچووی بە پێی کەم؛ لە بارودۆخی سارد یان تەڕدا درێژتر.
- **مەلەوانگە:** دوای 14 ڕۆژ پڕ دەکرێت لە ئاو.
- لە کەش و هەوای بارانیدا بەکاری مەهێنن؛ ڕووەکە بۆ 24 کاتژمێری یەکەم بپارێزن.

پاکێتکردن

کیسی کاغەزی چەند چینی .25 kg ڕەنگ: سپی.

ستانداردەکان و بڕوانامە

لەگەڵ EN 12004:2007 +A1:2012 **دەگونجێت — پۆلێنبەندی:** C2TE S2

- **C2:** لکێنەری چیمەنتۆیی باشترکراو.
- **T:** خلیسکانێکی کەمکراو.
- **E:** ماوەی مانەوەی بە لینجیی درێژکراو.
- **S2:** زۆر شێوەگۆڕاو.

تەندروستی و سەلامەتی

- چیمەنتۆی تێدایە، کە کاتێک لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەبێت بازییە و لەوانەیە ئازاری پێست، چاو و سیستەمی هەناسەدان بدات.
- لە کاتی بەکارهێناندا دەستکێشی پاراستن، چاوگرتنە و ماسک بەکاربهێنن.

هەڵگرتن و ماوەی بەسەرچوون

- لە پاکێتی ئەسڵیی نەکراوەدا لە شوێنێکی وشک، فێنک و باهەوادا لە نێوان 5+ °C و 35+ °C هەڵیبگرن.
- لە شێ، بەستن و تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر بیپارێزن.
- زۆرترین کۆکردنەوە: 10 کیس لەسەر یەک.
- ماوەی بەسەرچوون: 12 مانگ لەژێر مەرجە پێشنیارکراوەکانی هەڵگرتن.

زانیاری تەکنیکی (لە 23+ °C و 50% شێی ڕێژەیی)

تایبەتمەندی	وردەکاری
دەرکەوتن	پۆدری سپی
ڕێژەی تێکەڵکردن	25 kg / 6.25–6.75 L ئاو
چڕی پێکهاتە	1.8 g/cm³
ماوەی پشوودان	5 خولەک، پاشان تێکەڵکردنی کورت
ماوەی کارپێکردن	2 کاتژمێر / 25 °C
ماوەی مانەوە بە لینجی	≥ 30 خولەک
پلەی گەرمی بەکارهێنان	+5 °C بۆ +35 °C
پلەی گەرمی خزمەتگوزاری	−15 °C بۆ +80 °C
ئەستووری چین	ستاندارد: 6 mm (مارنجی ددانداری 6 mm) زۆرترین: 12 mm
مارنجی ددانداری	6–12 mm، بەپێی قەبارەی کاشی
بەکارهێنان (Consumption)	~8.6 kg/m² بە ئەستووری ستانداردی 6 mm ~4.3 kg/m² بە ئەستووری 3 mm
کاتی شەربەتکردن	بەلایەنی کەمەوە 24 کاتژمێر (دیوار و زەوی)
هاتووچووی بە پێی کەم	بەلایەنی کەمەوە 24 کاتژمێر (لە کەشی سارد یان تەڕدا زیاتر)
پڕکردنی مەلەوانگە	دوای 14 ڕۆژ
خلیسکان	≤ 0.5 mm
توانای چەسپاندن	سەرەتایی (28 ڕۆژ): ≥ 1 N/mm² دوای گەرما: ≥ 1 N/mm² دوای نوقمبوون: ≥ 1 N/mm² دوای بەستن و توانەوە: ≥ 1 N/mm²
شێوەگۆڕاوی	≥ 5 mm (S2 – زۆر شێوەگۆڕاو)
ئەساس (ڕووی زۆر هەڵمژەر)	HITI LATEX